هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
پێنج شەممە 2017/10/12 ژمارە (5368)
www.xebat.net
خەبات

2976 قوتابی جانتا و پێداویستی خوێندنیان پێشکەش دەکرێت

2976 قوتابیی 67 قوتابخانەی بنەڕەتی پەروەردەی شارباژێڕ لە لایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە جانتا و پێداویستی خوێندنیان پێشکەش دەکرێت.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە درێژەی هەڵمەتی هاوکارییەکانی بۆ قوتابیانی بنەڕەتی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، چالاکییەکی بەرین بۆ قوتابیانی سنوری پەروەردەی شارباژێر بەڕێوە دەبات و جانتا و پێداویستی خوێندن پێشکەشی 2976 قوتابی بنەڕەتی پۆلەکانی 1 هەتا 6 دەکات.

بەمەبەستی پشتیوانی کردنی قوتابییەکان و هاندانییان بۆ بەردەوامی بوونیان لە خوێندن و سەرکەوتنیان، جانتا و پێداویستی خوێندنی سالێک بۆ قوتابییەکان دابین دەکرێت. جانتاکان بە دیزاینێکی جوانە بۆ قوتابیانی بنەڕەتی پۆلەکانی 1 هەتا 6 ئامادە کراون.

لە دەستپێکی ساڵی خوێندنی نوێوە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە قوتابخانەی رۆژهەڵاتی بنەڕەتی لە هەولێر قۆناغێکی نوێی هاوکارییەکانی خۆی لە سێکتەری پەروەردەدا راگەیاند و لەم قۆناغەدا 50 هەزار قوتابی پۆلەکانی یەک هەتا شەشی بنەڕەتی سودمەند دەبن.

جێگای ئاماژە پێکردنە ساڵانە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە سێکتەری پەروەردەدا چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەبا، کە هەتا ئێستا بریتیبوون لە (دروستکردن و نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان و دابینکردنی پێداویستی خوێندن بۆ قوتابخانەکان و قوتابیان و هەروەها خولی تایبەت بە فێرکردن و بارهێنان) کە ئەم چالاکییانە بە سپۆنسەری و هاوکاری رێکخراو و خێرخوازە هەرێمی و جیهانییەکان بەڕێوەدەبرێن.

بۆ ئاگاداربوون لەباری تەندروستی و گوزەرانیان بەرپرسی لقی 16 سەردانی ژمارەیەک لە نەخۆش و کەسایەتی سنوورەکەی کرد

بۆ مەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەباری تەندروستی و ڕەوش و گوزەرانیان (بلند ئیسماعیل) بەرپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری دکتۆر شالاو مەلا ئەمین خۆشناو کارگێڕی لق، سەردانی هەریەکە لە بەڕێزان (حاجی سەعید عەبدولا ڕۆستایی و هیدایەت ڕەمزی و عەزیز ئەلیاس پێشمەرگەی دێرین و حاجی مەجید سرێشمەیی و مام سالح حاجی حەسەن پێشمەرگەی دێرینی) کرد .

بەرپرسی لقی 16 لەمیانی سەردانەکانیدا وێڕای هەواڵ پرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانیان هیوای تەندروستییەکی باش و ئاسوودەیی بۆ خواستن و لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی پرسینەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ تەواوی کێشەو گرفت و کەم و کورتییەکانیان لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ دەڤەرەکەو خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی هاونیشتمانیان لەڕێگەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی کوردستان.

لەبەشێکی دیکەی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی 16 ڕۆلی کەسایەتی و هاوڵاتیانی سنوورەکەی بەرز نرخاند لە هاوکاری و پاڵپشتیکردنی سەرخستنی کارو پڕۆژەکانی حکومەتی کوردستان و ئامادەبوونیان لەتەواوی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا لەهەموو قۆناغە جیاجیاکاندا و بۆ ئەمەش دەربەدەری و مالوێرانی زۆربان بینیوەو قوربانی گەورەشیان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەخشیوە، بۆیە ئەمڕۆ لەکاتێکدا لەڕێر سێبەری ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا بەئازادی دەژین و بەرەو دەوڵەتبوون هەنگاو دەنێین کە ئامانجی هەموو تاکێکی کوردە، ئەرکی هەرلەپێشینەی ئێمە ئەوەیە ئەوندەی لەتواناماندا بێت خزمەت بەهاوڵاتیانی خۆمان بکەین بۆ ئەوەی کەمێک لەئێش و ئازارو مەینەتییەکانی رابردووبان کەم بکەینەوە.

پارێزگاری هەولێر: هەوڵەکان بەردەوامن تا نەوت بۆ هاووڵاتیانی ناوچە سنوورییەکان دابین بکرێت

پارێزگاری هەولێر، نیگەرانە لە دیاردەی داربڕین و ئاماژە بەوەش دەدات کە وەک پارێزگار داوایان لە هەردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و نەوتی عێراق کردووە، کە نەوت بۆ هاووڵاتیان دابین بکەن.

نەواد هادی، پارێزگاری هەولێر، بە باسنیوزی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە کە نەوت بۆ سنووری پارێزگای هەولێر دابین بکرێت، بۆ ئەوە تووشی گرفت نەبینەوە.

پارێزگاری هەولێر، ئەوەشی خستە ڕوو کە لە هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی نەوت بۆ هاووڵاتیانی ناوچە سنووربییەکان دابین بکرێت.

وەزارەتی گواستنەوە: هەوڵەکان بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی کوردستان بەردەوامن

گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن باس لەوە دەکات لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران هەوڵی جددی هەیە بۆ ئەوەی گرفتی داخستنی فڕۆکەخانەکانی کوردستان چارە بکرێت.

بەغدا بەرگەی ئەنجامی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی نەگرت، بۆیە کەوتە جێبەجێکردنی سزادانی بەکۆمەڵی هەرێمی کوردستان و لە کاردانەوەیدا گەشتە مەدەنییەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانیی ڕاگرت. بەو هۆیەوە خەڵکێکی زۆر زەرەمەند بووە و بەغداش پێشوەختە کوردستانی لەو بارەوە ئاگادار نەکردووەتەوە. (ئومێد ساڵح)، گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: "تا ئێستا هیچ بڕیارێکمان بۆ نەهاتووە، کە فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بکرێتەوە، بەڵام لە سەرئاستی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند، هەوڵەکان بەردەوامن لەگەڵ بەغدا و سەرجەم لایەنەکان بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکان، چونکە داخستنیان لە بەرژەوەندیی کەس نییە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەین بەغدا ئەو بڕیارە لابدات و هێڵەکان بە ڕووی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا بکرێنەوە."

(ئومێد ساڵح) ئەوەشی خستە ڕوو: "هەوڵی بەردەوام هەیە و چاوەڕوانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی بەغداین، کە لەوێوە فەرمان دەربچێت بۆ چارەکردنی کێشەکە."

لە هەرێمی کوردستان دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەن، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی.

عەرەبی ڕۆژئاوای دیجلە منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە کوردییەکان

عەرەبی سوننە لە ڕۆژئاوای دیجلە داوا دەکەن لە هەموو ڕوویەکەوە سەر بە باشووری کوردستان بن و، لە ئێستاشەوە منداڵ و کەسوکاریان دەنێرنە قوتابخانە کوردییەکان. لە ڕۆژئاوای دیجلە نزیکەی پێنج هەزار عەرەب دەژین، ئەوان بەشی زۆریان لە گشتپرسیدا بەشداربیان کرد و، ژمارەیەکی زۆریشیان دەنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان دا، ئێستاش منداڵەکانیان دەستیان کردووە بە خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا. ئەشواق و خوشکەکەی بۆ عەرەبی ناحیەی زومارن، بە زمانی کوردی لە قوتابخانە دەخوێنن و پۆلی سێی بنەڕەتین، ئەشواق دەڵێ "من و خوشکەکەم لە پۆلی سێ دەخوێنن، هاوڕێکانم کوردن، مامۆستاکانیشم خۆشدەوێت، زۆر حەزم لە کێبی کوردییە".

ئەشواق و خوشکەکەی بۆ خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، هیچ کێشەیەکیان نییە، توانیویانە بەتەواوەتی خۆیان بگونجێنن، مامۆستاکانیشیان، ئەوانەی قسەیان بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو کردووە، دەڵێن "نموونەی وەکو ئەو دوو خوشکە کە بەزمانی کوردی دەخوێنن، زۆرە".

5 هەزار خێزانی دیکە لە شنگال هاوکاری دەکرێن

دوابەدوای دەستپێکی هەڵمەتی هاوکارییە خۆراکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هەماهەنگی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی 5 هەزار خێزانی دیکەی لە شنگال هاوکاری دەکرێن.

ڕێکەوتی 2017/10/10 دەزگای خێرخوازیی بارزانی کاروانێکی دیکەی هاوکارییەکانی گەیاندە ئاوارەکان لە شنگال و لەم چالاکییەیدا 5 هەزار خێزانی ئاوارە بە هەماهەنگی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی لە کۆمەڵگەکانی (خانەسور دگوڕێ) و شارەدێی سنونێ سوودمەند دەبن. ئەم چالاکییە سێیەمین چالاکی دەزگای خێرخوازیی بارزانییە لە ماوەی حەوتوویەکدا کەلە شنگال بەڕێوەی دەبات و لە کۆی هەر سێ چالاکییەکە 13 هەزار ئاوارە پێداویستی خۆراکییان پێشکەش کراوە. جێگای ئاماژەیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری جۆراوجۆر بە هەماهەنگی ڕێکخراو و ناوەندە جیهانی و ناوچەییەکان پێشکەشی ئاوارە و پەنابەران دەکات و تەنیا لە ماوەی مانگی نۆدا هاوکاری خۆراکی پێشکەشی 105336 (سەد و پێنج هەزار و سێ سەد و سی و شەش) خێزان کردووە.

بۆ دابەشکردنی نەوت بەسەر هاووڵاتیان داوایەک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت

ژمارەیەک پەرلەمانتار یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن و داوا دەکەن: بۆ دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیان یاداشتنامەکەیان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت. وەک لە یاداشتەکەدا هاتووە: "داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەین ئەو یاداشتنامەیە ئاراستەی حکومەتی هەرێم بکات، سەبارەت بە دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیان، کە لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان بە قەیرانێکی دارایی سەختدا دەڕوات، بەهۆی سیستمی پاشەکەوتی موچەوە، لە هەمانکاتدا دەچینە ناو وەرزی سەرما و سۆڵەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لەوبار گرانیە رزگار بێن".

هەماهەنگی و کاری هاوبەش لە نێوان لێژنەی نێودەوڵەتی کاروباری ونبووەکان و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

لینا لارسۆن سەرۆکی نێردەی لێژنەی نێودەوڵەتی کاروباری ونبووەکان لە عێراق سەردانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی کردو لەلایەن فلۆرین گۆرگیس سێودین بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە ئەنجومەن و دلێر ئیبراهیم بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان پێشوازی لێکرا.

لە دانیشتنێکدا بەئامادەبوونی کریستیان تابت پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گفتوگۆ لەباری ڕەوشی مافی مرۆڤ بەگشتی و مەسەلەی ونبووەکان لە هەرێمی کوردستان کرا، هەروەها تیشک خرایە سەر ڕەوشی دۆزاری پێکهاتەی ئێزیدی و مەسیحی و پێکهاتەکانی تر بەهۆی دەستدرێژیی وتاوانەکانی تیرۆریستانی داعش لە کوشتن و ڕفاندن و بێسەروشوێن کردنی چەندین ئافرەت ومنداڵ و پیاو، لەلایەن تیرۆریستانەوە.

لەمیانی کۆبوونەوەکەدا گرنگی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوولا گفتوگۆی لەبارەوە کراو، بڕیاردرا لە داهاتوودا هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر لە ڕووی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە پرسی ونبووەکان بەگشتی، بەتایبەتیش ئاشکراکردن و دۆزینەوەی چارەنووسی ئافرەتانە ونبووەکان، بەهەماهەنگی نێوان هەردوولا کاری لەسەر بکرێت.